

WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (421) سێشەممە 2016/10/25 3ی گەلاڕێزان - 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

کەتالۆنییەکان بۆ ڕۆنسیرۆ: ناهەقت نییە، ڕاکردن لە بارسا باشترین چارەسەرە..

# "دەبێ ڕیال مەدرید لە لالیگا بکشێتەوە"

ڕووداوی وەرزشی - CNBC

ڕۆژنامەنووسێکی مەدریدی داواکارییەکی سەیر لە بەرپرسانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی دەکات و دەڵێت «لەبەر ستەمی ناوبژیوانان پێویستە هەڵوێست وەربگرن و لە خولی ئیسپانیا بکشێنەوە».

تۆماس ڕۆنسیرۆ، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی مەدریدی، کە بە هاندەرێکی سەرسەختی یانەی شاهانە دەناسرێت و هەمیشە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هێرش دەکاتە سەر بارسیلۆنا و یاریزانەکانی، ئەمجارە لە لێدوانێکی زۆر سەیردا داوا دەکات ڕیال مەدرید واز لە لالیگا بێنێت، چونکە بەبڕوای خۆی ناوبژیوانان هەمیشە بە یارمەتیدانی بارسیلۆنا ستەم لە ڕیال مەدرید دەکەن.

ڕۆنسیرۆ لە تویتەری خۆیدا نووسیویەتی «بەهۆی ئەو ستەمەی مایینکۆی ناوبژیوان لەنێو یاریگەی مستایا لە ڤالنسیا کردو بەخۆڕایی 3 خاڵی بە بارسا دا، پێویستە ڕیال مەدرید لە لالیگا بکشێتەوە». ئەو پێیوایە مایینکۆی ناوبژیوان لەدژی ڕیال مەدرید نەیهێشتووە بارسا بدۆڕێت یان یەکسانیش بێت «مایینکۆ نەیهێشت جیاوازی خاڵەکانی نێوان ڕیال و بارسا زیادبێت، بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە ڕیال مەدرید هەڵوێست وەربگرێت، کە پێموایە کشانەوە لە خولی ئیسپانیا باشترین هەڵوێستە».

ئەم لێدوانەی ڕۆنسیرۆ هەوادارانی بارسای توورە کردو بە چەندین کۆمێنت گاڵتەیان پێکرد، بۆ نموونە یەکێک نووسیبووی «ناهەقی نییە، چەندین ساڵە ناتوانن نازناوی لیگا ببەنەوە، بۆیە ڕاکردن باشترین چارەسەرە». یەکێکیش نووسیویەتی «زووبن دەرزییەکی هێورکەرەوەی لێدەن، ئەوە شێتە».

ئەرجەنتینییەکان داوا دەکەن درێسی ژمارە 10ی ئەرجەنتین تەنیا بۆ مێسی بێت..

# نەگبەتی 10




# MSN نایاسایە



## "خۆزگە نەمرم تاوەکو شەشەم باڵۆن دۆری مێسی دەبینم"


مەلا عەبدولخالق:

## یانەی هەولێر مەرجەکانی بەشداریکردن لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیای تێدانییە




2

## کارفاخال خەڵکی سۆرانە



2

## خواردنی گۆشتی بەراز لە یاریزانانی ئەڵمانیا قەدەخە دەکرێت



4



گەشبین

ئەمشەو کاژێر 09:00ی شەو بە کاتی باشووری کوردستان، یانەی دێرسیم سپۆر، کە نوێنەرایەتی باکووری کوردستان دەکات، لە چوارچێوەی جامی تورکیاداو لە ئەرکێکی قورسدا دەبێتە میوانی یانەی گەڵاتەسەرای بەناوبانگی تورکیا. بەرپرسانی ئەو یانەیە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)یان راگەیاند کە سەرەڕای قورسی ئەرکەکە ئەوان گەشبینن و دەیانەوێ یارییەک بۆ مێژوو ئەنجام بدەن. موراد ئارانی سەرۆکی یانەی دێرسیم سپۆر بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت «راستە گەڵاتەسەرای لە خولی نایاب یاری دەکات و ئێمە لە خولی یانە پلە دووەکان، بەڵام ئێمە گەشبینین و هەوڵ دەدەین ئەم دەرفەتە باشە بقۆزینەوە و ئەنجامێکی مێژوویی تۆمار بکەین».

مەلا عەبدولخالق، سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق:

# کەس فێڵمان لێناکات و ناچینە سعوودیە



عەبدولخالق مەسعود، سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق، ئێستا پیاوی یەکەمی یەکێتییەکەیە، کە پێشتر ماوەی 15 ساڵ لەنێو ئەو یەکێتییەدا کاریکردووەو زۆر پۆستی بەڕێوە بردووە.
عەبدولخالق مەسعود، کە بە «مەلا» ناسراوە، زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ وەرزشیی عێراق و هەڵبژاردەی نیشتیمانیی تۆپی پێی عێراق تەرخانکردووە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردەیە بباتە قۆناخێکی تازە و لە جامی جیهانی رووسیای 2018ش بدرەوشێتەوە. (رووداوی وەرزشی) لەبارەی پرسی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق و چەند بابەتێکی دیکە، لە هەڤپەیڤینێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی سەرۆکە کوردەکەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرد:

هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی

«یانەی هەولێر مەرجی ئەوەی تێدا نییە بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا بکات»

«بردنی یارییەکانی عێراق بۆ ئێران هیچ پەیوەندییەکی بە هۆکاری مەزهەبییەوە نەبوو»

**رووداوی وەرزشی: بۆچی هەمیشە خولی عێراق دوادەخرێت کە هەڵبژاردەی عێراق یاری هەبێت، پێشتر ئەوە روونەدەدا؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** لە هەموو وڵاتێک هەر وایە، کاتێک هەڵبژاردەی وڵاتەکە یاری هەبێت خولەکان دەوەستن، پێشتریش راوەستانی خولی عێراق هەبووەو ئەوە کارێکی ئاساییە.
**رووداوی وەرزشی: بۆچی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراقتان بردە ئێران، دەڵێن هۆکارەکە مەزهەبی بوو؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** نەخێر، ئەو کارە هیچ پەیوەندییەکی بە هۆکاری مەزهەبییەوە نییە، لە ئێران بە ئاسانی ڤیزا وەردەگرین و ئاسانکاری زۆر بۆ ئێمە و بۆ یاریزانان و ستافی هەڵبژاردەکە و هاندەران دەکرێت. بۆیە وڵاتی ئێرانمان هەڵبژاردووە. لە راستیدا ئێمە پێشتر وڵاتی ئوردنمان هەڵبژاردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی جامی جیهانی ئافرەتان لەو وڵاتە بەڕێوەدەچوو، ئەوان نەیاندەتوانی وەک پێویست هاوکاریمان بکەن.
**رووداوی وەرزشی: مەسەلەی یاری سعوودیە و سووربوونی یەکێتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە لەسەر ئەوەی یاری گەڕانەوە لە سعوودییە بەڕێوەبچێت، بەچی گەیشت؟ ئایا دادگای کاس هەق بۆ ئێوە دەگێڕێتەوە؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڕیاری لەسەر ئەوە داوە نەک ئێمە، دواتریش یەکێتی تۆپی پێی سعوودیە مافی خۆیەتی تانە لە بڕیارەکەی فیفا بدات.
**رووداوی وەرزشی: دەڵێن سعوودییە فێڵی لێکردوون؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** نەخێر، ئەوە فێڵکردن نییە، بڕیاری فیفایە نەک بڕیاری ئێمە، ئەگەر ئەوان نەهێنە ئێران ئێمەش ناچینە سعوودیە، فیفا بڕیار لەسەر ئەو بابەتە دەدات. بۆیە کەس فێڵی لە ئێمە نەکردووە.
**رووداوی وەرزشی: تۆ لەگەڵ ئەوەی راهێنەری بیانی یان ناوخۆیی سەرپەرشتی هەڵبژاردەی عێراق بکات؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** لەم کات و ساتەدا من راهێنەری نێوخۆییم پێ باشترە لە بیانی، چونکە راهێنەری بیانی ناهێتە عێراق، ئەگەر بێتیش تەنیا بۆ یارییەکان ئامادە دەبێت، ناتوانێت بەشداری مەشقەکان بکات، بۆیە نە ئێمەو نە یاریزانانیش سوود لە راهێنەری بیانی وەرناگرین.

«بۆ هەڵبژاردەی عێراق راهێنەری نێوخۆیی لە راهێنەری بیانی باشترە»

**رووداوی وەرزشی: زۆر کەس باس لەو دەکەن کە نهێنییەک لە گرێبەستەکەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و زیکۆی راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی عێراقدا هەیە؟ ئەو نهێنییە شاراوەیە چییە؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** هیچ نهێنییەک نییە، گرێبەستەکەی زیکۆ تەواو و یاسایی بوو. مەسەلەی زیکۆ کۆتایی هاتووە.
**رووداوی وەرزشی: بەڵام زیکۆ دەڵێت یەکێتی تۆپی پێی عێراق پابەند نییە بە بەندەکانی گرێبەستەکە لە رووی داراییەوە، ئێوەش بەپێچەوانەی ئەو قسە دەکەن؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** لەو بارەوە هیچ شتێک نییە شایەنی قسە لەسەرکردن بێت، زیکۆ هەموو پارەی گرێبەستەکەی وەرگرتووە، هەموو کارەکان بە فەرمی کراون و کۆتاییان پێهاتووە.
**رووداوی وەرزشی: ئەی دەنگۆی ئەوە هەیە کە زیکۆ داوا دەکات جارێکی دیکە ببێتەوە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** نەخێر، ئەو بابەتە دوورە لە راستی، هیچ لەو بارەوە نەگوتراوەو باس نەکراوە، چونکە ئێمە وەک یەکێتی تۆپی پێی عێراق گرێبەستمان بۆ ماوەی 3 ساڵ لەگەڵ کاپتن رازی شنێشل کردووەو هەردوو لامان پێیەوە پابەند دەبین.
**رووداوی وەرزشی: بۆچی رێگە نادرێت هەندێ راهێنەری خاوەن ئەزموونی وەک ئەیوب ئۆدیشۆ، سائیر ئەحمەد، باسم قاسم و هەندێکی دیکە ببنە راهێنەری هەڵبژاردە نیشتیمانییەکان؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** پێشتر داوایان لێکراوە بۆ ئەوەی وەک راهێنەر یان یاریدەدەر کار لەگەڵ راهێنەرە بیانییەکان بکەن، وەک کاپتن باسم و کاپتن ئەیوب، بەڵام ئەوان رەتیان کردووەتەوە.
**رووداوی وەرزشی: کەی یانەکانی عێراق بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا دەکەن؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** ئەوکاتەی بارودۆخی عێراق باش دەبێت و کۆمپانیاکان سەرپەرشتی یانەکان دەکەن و ناویان لە کۆمپانیاکان تۆمار دەکرێت. هاندەرێکی باشیان دەبێت و رەسیدی بانکیان دەبێت لە بانکەکان و موڵکایەتی لە یانەکاندا دەبێت، ئەگەر ئەم مەرجانە هاتنەدی ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە یانەکان بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا دەکەن.



«زیکۆ هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نەماوەو ناشبێتەوە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق»

**رووداوی وەرزشی: بەڵام یانەی هەولێر هەموو مەرجەکانی تێدایە، بۆ بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا ناکات؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** نەخێر، یانەی هەولێریش مەرجەکانی تێدایە نییە، چونکە سەر بە کۆمپانیا نییە.
**رووداوی وەرزشی: دەڵێن ناوبژیوانان هەمیشە ستەم لە عێراق دەکەن و هەڵوێستی یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش لاوازە؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** ناوبژیوان هەڵە هەر دەکات، لە هەموو جیهان هەر وایە، هیچ ناوبژیوانێک نییە هەڵە نەکات. وەک یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش هەڵوێستمان لاواز نەبووە، بۆ نموونە هەڵوێستمان وەرگرتووە لەبارەی ئەو ستەمەی لە یاری ژاپۆن لە هەڵبژاردەکەمان کرا.
**رووداوی وەرزشی: رەخنەی ئەوەشتان لێدەگیرێت کە هەندێک لە ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق، لە هەموو ژیانی خۆیاندا تۆپی پێیان نەکردووە، کەچی ئێستا هەموو کارەکانی یەکێتییەکە بەدەست ئەوانە؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** ئەوە راست نییە، ئەندامانی یەکێتییەکەمان هەموویان بە هەڵبژاردن هاتوون، لە هەڵبژاردنیش هەر وایە، هەموو جۆرێک دێن و هەمووش هەر رازی نابن، هەندێک باشن و هەندێکی دیکە خراپ.
**رووداوی وەرزشی: زۆر لە هاندەرانی تۆپی پێی عێراق لە تۆ رازی نین، چی دەڵێی؟**
**عەبدولخالق مەسعود:** من لەلایەن دەستەی گشتییەوە هەڵبژێدراوم، بە هەموو توانایەک کاری خۆم دەکەم، بێگومان هەموو خەڵک هەر لێت رازی نابن.

## کارفاخال خەڵکی سۆرانە

**رووداوی وەرزشی - سۆران**

هەندێک یاریزان بەوە خۆشبەختن کە خوای گەورە هەر لە زگماکییەوە بەهرەی یاریکردنی پێداون و بەو هۆکارەوە هەرزوو ناوبانگ دەدەکەن، بەڵام هەندێکیش هەن، بەختیان باشتریشە، چونکە وێڕای بەهرە، بە شێوە و روخساریش زۆر بە ئەستێرەیەکی بەناوبانگ دەچن، کە ئەوەش یارمەتییان دەدات زووتر و زیاتر بناسرێن.
گەنجێکی قەزای سۆران، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو جۆرە یاریزانانەیە، کە بێجگە لە یاریکردن بە ئاستێکی بەرز، روخساری هێندە لە دانیال کارفاخالی بەرگریکاری هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید دەچێت، هەندێک لەوانەی یەکەمجار دەیبینن، پێیدەڵێن "تۆ برای کارفاخال نیت؟!".
عەلی، گەنجێکی شاری سۆرانە، لە تیپی لاوانی ئاشنا یاری دەکات، لەنێو هاوڕێکانی بە عەلی کارفاخال ناسراوە، تەنانەت لە فەیسبووکیش ئەکاونتەکەی بەو ناوە داناوە.



عەلی، کە خەونی ئەوەیە رۆژێک لە رۆژان وەک کارفاخال یاری بۆ یانەیەکی گەورەی وەک ریال مەدرید بکات، بە (رووداوی وەرزشی) گوت "خۆشحاڵ دەبم کە خەڵک بە یاریزانێکی گەورەی وەک کارفاخال دەمچووێنن، بەڕاستی من ئەو یاریزانەم زۆر خۆشدەوێت، هەمیشە حەزدەکەم سەیری یاریکردنی ئەو بکەم و لە کاتی یاریکردندا لاسایی شێوازی یاریکردنی ئەو بکەمەوە". هەروەها کارفاخالەکەی سۆران، دەشڵێت "من لەبەر کارفاخال وەک بەرگریکاری باڵی راست یاری دەکەم".
ئەو یاریزانە کوردە، کە لە 1995/11/1 لەدایکبووە، رێککەوتێکی دیکەشی لەگەڵ کارفاخال هەیە، کە بەرگریکاری یانەی ریال مەدریدیش لە 1992/11/1 لەدایکبووە. عەلی دەڵێت "لە رێگەی هەندێک لە هاوڕێکانمەوە شارەزاییەکم لە زمانی ئیسپانی پەیدا کردووە، بۆیە ئەوکاتەی لەنێو یاریگەدا بە ئیسپانی قسە دەکەم، هەندێک لەوانەی نامناسن پێمدەڵێن تۆ برای کارفاخال نیت؟!". هەروەها دەشڵێت "هەموو ئاواتم ئەوەیە لە نزیکەوە کارفاخال ببینم".
عەلی کارفاخال، باس لە هاوڕێیەکی خۆی دەکات، کە ناوی بێوارەو پێکەوە بۆ تیپی لاوانی ئاشنا یاری دەکەن "بێواریش زۆر سەرسامە بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ و لاسایی ئەو دەکاتەوە، هیوادارم رۆژێک بێت من و ئەویش پێکەوە بۆ یانەیەکی گەورە یاری بکەین".



بە شکستەکانی رۆناڵدۆ دڵخۆش و بە سەرکەوتنەکانی نیگەران دەبێت..

## ژنێکی بەساڵاچوو خەون بە شەشەم باڵۆن دۆری مێسییەوە دەبینێت

«سەبری خان لە خۆشەویستی مێسی ناوی کچەزاکەی کردووەتە تیاگۆ»

**پێشەوا بەختیار**
**رووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ**

پیرەژنێکی کورد، هاندەرێکی سەرسەختی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینییە. سەیری هەموو یارییەکانیان دەکات و دەشڵێت «خۆزگە نەمرم تاوەکو شەشەم باڵۆن دۆری مێسی دەبینم».
سەبری قادر مستەفا، ئافرەتێکی تەمەن 79 ساڵییە، خەڵکی ناحیەی شۆڕشە، باس لە چۆنیەتی سەرسامبوونی خۆی بە یاری تۆپی پێ و بارسێلۆنا و مێسی بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات و دەڵێت «بەر لە 5 ساڵ، بوومە هاندەری بارسا و مێسی، ئەوکات نەخۆش بووم، کوڕەکانم و کەسوکارانم دەهاتن بۆ سەردانم و لە کاتی یارییەکاندا سەیریان دەکرد، لەو کاتەوە من بوومە هاندەری سەرسەختی بارسا و مێسی، تاوەکو ئێستاش رۆژ بە رۆژ خۆشەویستیم بۆیان زیاد دەکات و هەموو یارییەکانیان سەیر دەکەم».
سەبریە، کە هەموو یاریزانانی بارسا یەک بە یەک دەناسێت، لەبەر رکابەرییان بۆ یاریزانانی بارسێلۆنا ناوی هەموو یاریزانانی ریال مەدریدیش دەزانێت و داوا لە هاوڕێکانی و مێسی و ستافی یانەکە دەکات زیاتر هاوکار و یارمەتیدەری مێسی بن بۆ ئەوەی شەشەم باڵۆن دۆر بباتەوە، چونکە وەک خۆی بە (رووداوی وەرزشی) گوت «تاکە ئاواتم ئەوەیە بەر لەوەی بمرم ببینم مێسی تۆپی ئاڵتوونی شەشەم دەباتەوە».
ئەو پیرەژنە کوردە، کە هەر لەبەر مێسی، هەڵبژاردەی ئەرجەنتینیشی خۆش دەوێت و دەڵێت «هەمیشە دەپرسم بارسا و ئەرجەنتین کەی یارییان هەیە، چونکە بینینی یارییەکانیان لەدەستنادەم، ئەگەر بارسا کاژێر 2ی شەویش یاری هەبێت هەر دەبێ ببینم، تەنانەت ئەو یارییانەی ئەرجەنتین لە بەرەبەیانیش دەیانکات لەدەست خۆمیان نادەم و شەونخۆنی دەکەم بۆ ئەوەی سەیریان بکەم».
سەبری خان، بەوەندەش نەوەستاوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر خۆشەویستی خۆی بۆ مێسی و بارسا دەرببڕێت، ناوی کچەزاکەی کردووەتە تیاگۆ، واتە بە ناوی کوڕی مێسییەوە ناوناوە.
ئەو پەیامێکی بۆ کریستیانۆ رۆناڵدۆ و ریال مەدرید هەیە، کە رکابەرانی مێسی و بارسان و پێیاندەڵێت «میسی باشترینەوە هەمیشە من هاندەری دەبم.. لە شکست و دۆڕان لەگەڵیدەبم». هەروەها رووی قسەکانی دەکاتە رۆناڵدۆش و پێیدەڵیت «تۆش یەکێکی لە باشترینەکان، بەڵام وەک مێسی نابیت، من بە شکستی تۆ دڵخۆش دەبم و بە سەرکەوتنتن دڵگران دەبم».
سەبری خان، باس لەوە دەکات کە بەهۆی ئەو هاندان و خۆشەویستییەی بۆ مێسی و بارسا هەیە، رووبەڕووی رەخنەی خەڵک دەبێتەوە، بەتایبەتیش لەلایەن هاوتەمەنەکانی خۆیەوە، بەڵام وەک خۆی گوتی «گوێ لەوان ناگرم، چونکە لە وەرزش تێناگەن».
جەلال محەممەدیش، کە کوڕی سەبری قادرە، لەو بارەوە دەڵێت «خەڵکی رەخنە لەدایکم دەگرن، بەڵام گوێناگرین و هەمیشە پشتیوانی دەکەم بۆ وەرزش. هەمیشە باشترین ئامێر و تەلەڤزیۆنی بۆ دابین دەکەم بۆ ئەوەی یارییەکان ببینێت».



## زووتر دەگەڕێتەوە

رۆژنامەی مارکای مەدریدی بۆمبێکی گەورەی تەقاندەوەو رایگەیاند سێرجیۆ رامۆسی کاپتنی یانەی ریال مەدرید بەشێوەیەکی خێراتر لەوەی پێشبینی دەکرا لە پێکانەکەی چاکدەبێتەوەو نووسیویەتی «رامۆس 2 هەفتە زووتر لە ماوەی دیاریکراو دەگەڕێتەوە، چونکە پێکانەکەی زۆر بەخێرایی چاکدەبێتەوە». ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا ئەم هەواڵەی مارکایان بە نا دروست و نا واقیعی لە قەڵەمدا، چونکە وەک ئەو دەزگایانەی راگەیاندن باسی دەکەن، پزیشکان دەڵێن «لە رووی زانستییەوە نابێت پێکانەکەی رامۆس بەو خێراییەی مارکا باسیکردووە چاکببێتەوە».

لەدوای مێسی..

# ژمارە 10 بۆ ئەرجەنتینییەکان نەگبەتە



هۆکارەکە بە روونی دیار نییە..

## مێسی نەیهێشت پیپ ببێتە راهێنەری ئەرجەنتین

رووداوی وەرزشی - TANGO

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی هاندەرانی ئەرجەنتین پێیانوایە هێزی گەورەی هەڵبژاردەی تانگۆ لە ژێر قاچەکانی مێسیدایە، بەڵام هەندێکیش گلەیی ئەوەی لێدەکەن، کە خۆی هۆکاری ئەوە بووە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بەم بارودۆخە خراپەی ئێستا بگات.

ئەم تێڕوانینەش دوای ئەوە لای هەندێک لە ئەرجەنتینییەکان دروست بوو، کاتێک ماڵپەڕی DIARIO GOLی ئیسپانی، ئاشکرایکرد «لیۆنێل مێسی نەیهێشتووە پیپ گواردیۆلای راهێنەری ئیسپانی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین».

وەک ئەو ماڵپەڕە باسیدەکات، لەدوای مۆندیالی 2014 کە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین پلەی دووەمی بەدەستهێنا و ئەلیخاندرۆ سابێلای راهێنەر دەستی لەکارکێشایەوە، یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین گفتوگۆی لەبارەی ئەوە کرد کە گواردیۆلا بکاتە راهێنەری هەڵبژاردەی تانگۆ، بەڵام مێسی رازی نەبوو ئەو بیرۆکەیە جێبەجێبکرێت و گوتوویەتی «نابێ گواردیۆلا ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین». هەرچەندە وەک ئەو ماڵپەڕە باسیدەکات، هۆکاری ئەو هەڵوێستەی مێسی بە روونی دیار نییە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆر لە سەرچاوە رۆژنامەڤانییەکان باسیان لەوە دەکرد کە گواردیۆلا بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ مێسی یانەی بارسێلۆنای جێهێشت، هەرچەندە گواردیۆلا تاوەکو ئەمڕۆش بە بەردەوامی پەسنی مێسی دەدات.

ئەرجەنتینییەکان پێیانوایە کێشەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان لە راهێنەردایەو دەڵێن «تەنیا راهێنەرێکی وەک گواردیۆلا دەتوانێت هەڵبژاردەی تانگۆ بگەڕێنێتەوە سەر سەکۆی نازناوەکان».

«دوای مۆندیالی 2014 یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین ویستی سوود لە گواردیۆلا وەربگرێت»

رووداوی وەرزشی - TANGO

هاندەرانی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین داوا دەکەن لەو یارییانەدا کە لیۆنێل مێسی کاپتنی هەڵبژاردەکە یاری ناکات، درێسە ژمارە 10یەکەی بە هیچ یاریزانێکی دیکە نەدرێت، چونکە پێیانوایە لەدوای مێسی ئەو درێسە نەگبەتە بۆ ئەرجەنتینییەکان.

ئەرجەنتین رووبەڕووی دێوەزمەی دواکەوتن لە مۆندیالی 2018 لە رووسیا بووەتەوە، دوای زنجیرەیەک ئەنجامی خراپ لە پاڵاوتنەکانی ئەمریکای باشوور، لەبەر دوورکەوتنەوەی گۆڵکاری مێژوویی لیۆنێل مێسی بەهۆی پێکانەوە، بەمەش نەگبەتی (درێسی ژمارە 10) رەنگی بەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردەکەدا داوەتەوە، کاتێک یاریزانێکی دیکە بێجگە لە مێسی لەبەری دەکات.

بە ئامادەبوونی مێسی کە لە بڕیاری وازهێنانی نێودەوڵەتی دوای کۆپا ئەمریکا پاشگەز بووەوە، ئەرجەنتین 3 یاری بردەوەو رێژەی سەرکەوتنی 100% بوو، بەڵام بێ مێسی تووشی مەینەتی بوو و لە 7 یاری یەکیانی بردووەتەوە، بە رێژەی سەرکەوتنی 14.3%.

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی خۆی لە پاڵاوتنەکانی ئەمریکای باشووردا، هەڵبژاردەی ئەرجەنتین 2 یاری لەسەر خاکی خۆی بدۆڕێنێت، یەکەم گەڕ بەرامبەر ئیکوادۆر و دوایین گەڕ بەرامبەر پاراگوای بەبێ مێسی.

ئەگەر ئەنجامەکانی ئەرجەنتین باس بکەین لە سایەی نەفرەتی درێسی ژمارە 10، دەبینین سێرجیۆ ئەگوێرۆ لە 3 یاری لەبەری کردووە، ئەرجەنتین دوو یاری دۆڕاندووەو لە یەکێکیشیاندا یەکسان بووە. ئەنخێل دی ماریا هەمان درێسی لە 2 یاری لەبەرکردووە، ئەرجەنتین یەکی بردووەتەوە لە کۆلۆمبیا، لەوەی دیکەش یەکسان بووە بەرامبەر بەرازیل لەسەر خاکی خۆی.

خافێر پاستۆری بەرامبەر پاراگوای درێسی ژمارە 10ی لەبەرکرد، کە بە یەکسان بوون بەبێ گۆڵ کۆتایی هات، ئیڤەر بانیگاش بەرامبەر ڤەنزوێلا درێسی ژمارەی 10ی لەبەرکرد، یارییەکە بەئەنجامی یەکسان بوون بە 2 ـ 2 گۆڵ کۆتایی هات. بۆیە جەماوەری تانگۆ دەڵێت «لەدوای مێسی، درێسی ژمارە 10 بۆ ئەرجەنتینییەکان نەگبەتە، بۆیە ئەگەر مێسی یاری نەکات نابێت هیچ یاریزانێکی دیکە ئەو ژمارەیە لەبەربکات».

هەڵبژاردەی تانگۆ تاوەکو ئێستا بە ئەنجامدانی 10 یاری تەنیا 16 خاڵی کۆکردووەتەوەو پلەی پێنجەمی ریزبەندی هەڵبژاردەکانی گرتووە. بۆیە زۆر پێویستی بە تواناکانی لیۆنێل مێسییە، بۆ ئەوەی لە مەترسی نەگەیشتن بە مۆندیال رزگاری بێت، بەتایبەتیش کە هەردوو یارییەکە زەحمەتن، لە 2016/11/11 دەبێتە میوانی بەرازیلی یەکەمی ریزبەند و لە 2016/11/16ش میوانداری کۆلۆمبیای چوارەم دەکات.

ئەرجەنتینییەکان: بێجگە لە مێسی نابێ هیچ یاریزانێکی دیکە درێسی ژمارەی 10ی تانگۆ لەبەربکات



هەندێک لەو کۆمێنتانە بخوێنەوە کە بۆ ئەم وێنەیە نووسراون..

# «رۆناڵدۆ تۆ شێتی؟ پەیکەری بوزا بۆ دیکۆر نییە»

رووداوی وەرزشی - GULF NEWS

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، یاریزانی نێودەوڵەتی پورتوگالی و ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، بووە مایەی پەستی و تووڕەیی کۆمەڵگەی بوزی، دوای بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی، کە رێز لە گرنگترین سیمبولەکانی بوزی ناگرێت. رۆناڵدۆ لەسەر هەموو ئەژمارەکانی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، وێنەیەکی خۆی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا قاچی خستووەتە سەر پەیکەرێکی بوزای دامەزرێنەری بوزییەت.

ئەو دەرچوونە تازەی رۆناڵدۆ بە بێ هێرشکردنی توندی پەیڕەوانی بوزی رەت نەبوو، هەندێکیان بە شێت و بێ رێز وەسفیان کرد، شەیدایانیشی داوایان لێکرد، وەک رێزێک بۆ ئایینەکان ئەو وێنەیە بسڕێتەوە. لە کۆمێنتێکی سەر وێنەکەدا هاتووە «رۆناڵدۆ تۆ شێتی؟ پەیکەری بوزا بۆ دیکۆر نییە». لە کۆمێنتێکی دیکەدا هاتووە «وابزانم دەبێت وێنەکە بسڕیتەوە، بەر لەوەی دانیشتوانی ئاسیا لێت تووڕە بن، کریستیانۆ من تۆم خۆش دەوێ و حەز ناکەم گوێم لێبێت کەس رەخنەت لێبگرێت، دەبێت رێز لە ئایینی خۆشەویستانت بگری، سوپاس بۆ سڕینەوەی وێنەکە، خوا بتپارێزێت».

یەکێکی دیکە نوسیبووی «بێگومان تۆ یاریزانێکی باشی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هەست و باوەڕی کەسانی دیکە فەرامۆش بکەی، بوزا ئاشتی لە جیهان داهێنا، چۆن دەبێت بەو شێوەیە بێ رێزی بەرامبەر بکەی؟ من بوزی نیم، بەڵام وێنەکە پەستی کردم».

رۆناڵدۆ لەلایەن شەیدایەکی ئامۆژگاری کرا، کە پێیدەڵێت «من هاندەری تۆم کریستیانۆ، بەڵام دەبێت رێز لە بوزا بگری، ئەگەر تۆ مەسیحی، موسڵمان یان هیندۆسی بیت، تۆ لە هەموو ئایینەکانەوە هاندەرێکی زۆرت هەیە، تۆ یاریزانێکی بەناوبانگی، تکایە ئەو جۆرە شتانە مەکە، ئەو وێنەیە دڵم ئازار دەدات».

وەک سەرنج دەدرێت زۆربەی زۆری رەخنەکان بە جوان و بە رێزەوەن بۆ رۆناڵدۆ، هاوشێوەی ئەو کۆمێنتەی کە تێیدا هاتووە «ئەوە پەیکەری بوزایە، جێگەی رێزی هەموو بوزییەکانە، شتێکی باش نییە بەمشێوەیە قاچتی بخەیتە سەر، لەبەرخۆت کریستیانۆ، بەهیوام لەوە تێبگەی».

ئەمە جاری یەکەم نییە، رۆناڵدۆ بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی، هەوادارانی خۆی تووڕە دەکات، ئەوەتا بەر لە چەند رۆژێک هەندێک لە هاندەران هێرشیان کردە سەر رۆناڵدۆ، کە دوای کردنەوەی هوتێلە تایبەتەکەی لە پورتوگال دەریخست چەندە خۆی خۆش دەوێت، چونکە وێنەکانی خۆی لە هەموو شوێنەکانی هوتێلەکەدا هەڵواسیبوو، هەتا لەسەر دیوارەکانی دەرەوەشیدا.

بێجگە لەوەی وێنەی رۆناڵدۆ لەگەڵ ئۆتۆمبێلە تازەکەی، بووە مایەی گاڵتەپێکردنی هەندێ جەماوەر، کە پێیانوایە زۆر شانازی بە ئۆتۆمبێل و سامانەکەیەوە دەکات، بۆیە هەندێ وێنەی گاڵتەجاڕیان بۆی دروستکرد.

«رۆناڵدۆ بەهۆی زۆر بڵاوکردنەوەی وێنەکانی جەماوەری خۆی لەدەستدەدات»




ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

## ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com

411

KOREK

ژمارە ( 421 )
سێشەممە 16/10/25

## درۆیە



ماورۆ ئیکاردی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە کە دەدرێنە پاڵی، گوایە خیانەتی لە ماکسی لۆپێزی هاوڕێ و هاونیشتیمانییەکەی کردووەو واندا نارای ژنەکەی لۆپێزی بەوە رازیکردووە واز لە مێردەکەی بێنێت و هاوسەرگیری لەگەڵ خۆیدا بکات. ئیکاردی لەو بارەوە دەڵێت «درۆیە، من هەر لە بنەڕەتدا داوای پەیوەندیم لە واندا نارا نەکردووە، دوای ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ لۆپێز نەماوە، خۆی داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردوومە».





### "یاریکردنی ئەو 3 یاریزانە پێکەوە دادپەروەرانە نییە"

# MSN نایاساییە

**رووداوی وەرزشی - MU4**

ریۆ فێردیناند، بەرگریکار و کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، پەسنی سێکوچکەی هێڵی هێرشبردنی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەکات و داوا دەکات یاسا رێگە نەدات ئەو 3 یاریزانە پێکەوە یاری بکەن.

فێردیناند، لە لێدوانێکدا سەرسامبوونی خۆی بە هەرسێ هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا، لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی، نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی و لویس سوارێزی ئۆرۆگوایی نیشانداو گوتی «بەڕاستی ئەوان مەترسیدارن، زۆر کێشە بۆ تیپەکانی دیکە دروست دەکەن و زۆر ئازاری بەرگریکاران دەدەن». هەروەها فێردیناند بە گاڵتەوە گوتیشی «پێموایە MSN یاسایی نییەو نابێت رێگەیان پێبدرێت پێکەوە بۆ یانەیەک یاری بکەن، چونکە ئەم کارە دادپەروەرانە نییە و باڵانسی تۆپی پێی تێکداوە».

ئەو بەرگریکارەی پێشووی شەیتانە سوورەکان، زیاتر پەسنی ئەو 3 ئەستێرەی دا، بەتایبەتیش لیۆنێل مێسی و گوتی «هەرسێکیان بلیمەتن، بەڵام مێسی جیاوازە، مێسی هونەرمەندە، نازانم زیاتر لەوە چۆن وەسفی بکەم».

سێکوچکەی بارسێلۆنا تاوەکو ئێستا پێکەوە 283 گۆڵیان بۆ یانەی کەتالۆنی تۆمارکردووە، کە ژمارەیەکی باوەڕ پێنەکراوە.

...هەر 134 خولەکدا گۆڵێکی بۆ ...رسا تۆمارکردووە"



# نەیماری تازە بەهۆی دایکییەوە پیاوە

**رووداوی وەرزشی - SAMBA**

رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ئاشکرایکردووە، گابرییێل خیسۆسی تازە یاریزانی مانچێستەر ستی، کە لە سەرەتای ساڵی تازە پەیوەندی بە ستیییەوە دەکات، هانا بۆ دایکی دەبات، تاوەکو یارمەتی بدات لە کەشوهەوای ئینگلتەرا رابێت.

ئەو یاریزانەی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ساوپاولۆی بەرازیلی، کە تەمەنی 19 ساڵانە، لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەدا سەرنجی زۆر لە یانەکانی بۆ لای خۆی راکێشابوو، بەر لەوەی تیپەکەی راهێنەر پیپ گواردیۆلا بیرفێنێت.


گابرییێل خیسۆس، بە «نەیماری تازە» ناسراوە، چونکە بە هەمان ئاستی هەڵکشاوی ئەو گوزەر دەکات. خیسۆس دووپاتیکردەوە، لە ماوەی داهاتوودا هەوڵدەدات زۆرترین زانیاری لەسەر یانە تازەکەی کۆبکاتەوە، ئەویش لە رێگەی هاوڕێ و هاوڵاتییەکەی فێرناندینیۆی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی مان ستییەوە. دووپاتیشیکردەوە یارمەتیدانی فێرناندینیۆ کاریگەر دەبێت، بەڵام پشت بە دایکیشی دەبەستێت، کە ناچار دەبێت بچێتە باکووری ئینگلتەرا و لەوێ لەگەڵی بژیت. خیسۆس گوتی «بەڵێ ئەوە راستە، دایکم لەگەڵم دێت، ئێمە زۆر لە یەکدییەوە نزیکین، ئەو هەوڵدەدات باشترین شتم بۆ بەدیبێنێت، ئەوەش شتێکی باشە». هەروەها گوتیشی «دایکم تەنیا ئەوکاتە بە شان و باڵم هەڵدەڵێت، کە شتێکی باش بکەم، من دڵخۆشم بەوەی ئەو دایکمە، چونکە بەڕاستی بایەخم پێدەدات».

خیسۆس، ئاشکرایکرد کە حەزدەکات لە باڵی چەپ یاری بکات، ئەوەش هەمان شوێنی ئێستای رەحیم ستیرلینگەو گوتی «دەجەنگم لەپێناو ئەوەی دەرفەتی یاریکردن بەشێوەی سەرەکیم بۆ برەخسێت و لاریم نییە ئەگەر وەک هێرشبەریش یاری بکەم».




# ...ژاردەی

...ـافت کرا، بۆ یاری دۆستانەی ئەڵمانیا
...ن لەگەڵ مانشافت بەشداری لە مۆندیالی
...یا نازناوەکەی بەدەستهێنا، یەکەم یاریشی
... بەرامبەر جەزائیر بوو لە قۆناخی هەشتدا،
...ۆڵ بەرامبەر گۆڵێک یارییەکەی
... لە خولەکی 70 تووشی
... بۆ ئەو کۆتایی
... 2018




ئەو ئاهەنگەی مەسعود ئۆزیل بۆ هاتریکەکەی گێڕا زۆر عەیب بوو، من تەنیا بۆ بردنەوەی نازناوی پرێمەرلیگ دەیکەم

ریۆ فێردیناند
(کاپتنی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



مێسی بەرامبەر مانچێستەر ستی لەنێو یاریگەدا وەک ئەو منداڵە بوو کە بە ئارەزووی خۆی لەنێو باخچەی قوتابخانەدا یاری بکات

لویس ئێنریکی
(راهێنەری یانەی بارسێلۆنا)



ئەمساڵ ریال مەدرید پاڵێوراو نییە بۆ بردنەوەی نازناوی چامپیۆنسلیگ، بەڕای من نازناوەکە بۆ بایرن میونشن یان بارسێلۆنایە

مارکۆ ڤیراتی
(یاریزانی یانەی پاریس سانجێرمان)



سەرەتا بیرمان لە کڕینی پۆگبا کردەوە، بەڵام دوای ئەوەی لێکدانەوەمان بۆ کرد، بۆمان دەرکەوت کە هیچ بایەخێکی بۆ ریال مەدرید نییە

فلۆرەنتینۆ پیرێز
(سەرۆکی یانەی ریال مەدرید)



زۆر عەیبە بۆ هاندەرانی چێلسی چاکەکانم لەبیر بکەن، ئەوە منم 3 نازناوم بۆ بردوونەتەوە

خۆزێ مۆرینیۆ
(راهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتد)



ئێمە لیڤەرپوولین، هەر تیپێک رووبەڕومان بێبەخشێت هەڵەیەکی گەورە دەکات، تەنانەت ئەگەر رووبەڕیشمان دەست نەکەوێت چارەسەری دیکەمان هەیە

یۆرگن کلۆپ
(راهێنەری یانەی لیڤەرپوول)



**سەلماندی**

هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی بەریتانیا پەسنی واین رۆنی کاپتنی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزیان داو دووپاتیانکردەوە «رۆنی سەلماندی کە دڵسۆزی یانەکەیەتی». ئەم پێداهەڵگوتنەی رۆنی لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە دوای ئەوە هات، کە رۆنی لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی فەنەربەخچەی تورکی لە یۆرۆپالیگدا رێگەی بە هەردوو هاورێکەی پۆل پۆگبا و ئەنتۆنی مارسیال دا لەجیاتی ئەو دوو پەناڵتییەکەی یانەکەی لێبدەن، هەرچەندە رۆنی 3 گۆڵی ماوە بۆ ئەوەی ببێتە گۆڵکاری مێژوویی یانەی مانچێستەر یونایتد».

**یواکیم لۆف..**

# لە تیکی ـ تاکاوە بۆ تساکی ـ تساکی



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

یواکیم لۆف، پەند لە هەڵەکانی یۆرۆی فەرەنسا وەردەگرێت، بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە شێوازێکی یاریکردنی کاراتر و جوانتر دەرکەوێ، بەرەو بردنەوە لە یارییەکانی پاڵاوتنی کیشوەری ئەوروپا بۆ گەیشتن بە مۆندیالی رووسیا 2018 دەبات.

راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، یواکیم لۆف لە یەکەم تاقیکردنەوە، لە گەشتی بەرگریکردن لە نازناوی جیهانی سەرکەوتوو بوو، بەمەش لە هەموو یارییەکانی پاڵاوتنی گەیشتن بە مۆندیالی رووسیا 2018 بردنەوەی بەدەستهێنا، سەرەتا لە یەکەم یاری کۆمەڵەکە بەرامبەر نەرویجی لاواز 3 ـ 0 گۆڵ، پاشان بەرامبەر چیکی ئازا بە هەمان ئەنجام، دواجاریش بەرامبەر ئێرلەندای باکووری جەنگاوەر بە ئەنجامی 2 ـ 0 گۆڵ، بەمەش ئەڵمانیا بە کۆکردنەوەی 9 خاڵ بووە یەکەمی کۆمەڵەکەی، بە جیاوازی 2 خاڵ لەپێش ئازەربایجانی دووەم دێت، کە لەدوایین یاری بەرامبەر چیک بەبێ گۆڵ یەکسان بوو، لەدوای ئەوان ئێرلەندای باکوور دێت بە 4 خاڵ، هەڵبژاردەی سان مارینۆش لە هەمان کۆمەڵەدایە، کە لە خوارووی ریزبەندی گشتی دێت.

لە هەر سێ یاری پاڵەوانی جیهان، کە تاوەکو ئێستا تۆڕی گۆڵەکەی نەهەژێندراوە، سەرنج دەدرێت بە تۆپی خێرا یاری دەکات، بەبەراورد بە ئاستی لە یارییەکانی یۆرۆی 2016 لە فەرەنسا، کە پورتوگال نازناوەکەی بەدەستهێنا. دوای ئەوەی ئەڵمانەکان بە رابەرایەتی لۆف پابەندی پەرەنسیپی کۆنترۆڵکردنی تۆپ بوون، لەگەڵ پشتبەستن بە زۆری بە پاسی پانی و هەڵوەستەکردن لە راوکردنی دەرفەتەکان، شێوازی ئەڵمانیا لە یارییەکانی کۆتایی جیاواز بوو، ئەویش پشتبەستن بە پاسی ئاسۆیی بە ئامانجی چوونە پێشەوە بەشێوەیەکی خێراتر، بێ لە دەستدانی تۆپی، کۆنترۆڵکردنی تۆپی میواندار لەسەر یاریگەی هامبۆرگ 75% بوو، ئەمەش وایکرد هەڵبژاردەی ئێرلەندا نەتوانێت شان لە شانی بدات. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، لۆف خەریکە کەمێک لە شێوازی تیکی ـ تاکای بەناوبانگ دوور دەکەوێتەوە، بەرەو شێوازی ئەوەی رۆژنامەکانی ئەڵمانیا ناویان لێناوە «تساکی ـ تساکی» هەنگاو دەنێت.

(تساکی ـ تساکی)یش دەستەواژەیەکە لە زمانی ئەڵمانی و بەشێوەی زارەکی بۆ گوزارشتکردن لە خێرایی و ئەرکەکە جێبەجێکرا، یان زۆر بەخێرایی ئەنجامدرا بەکاردەهێندرێت. ئەو شێوازە تازەیەی لۆف پیادەی دەکات، تەنیا کاراتر نەبوو بەڵکو سەرنجراکێشتریش بوو. راستە ئەو 3 هەڵبژاردەیەی پاڵەوانی جیهان لە پاڵاوتنەکان رووبەرووی بووەوە، هەمان مەترسی هەڵبژاردەکانی وەک ئیسپانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیایان نییە، بەڵام ئاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا زیاتر هەماهەنگ و مەترسیدار بوو لەسەر یاریگە، بەبەراورد بە یارییەکانی لە یۆرۆی فەرەنسا و پێشتریش.



**10 خێراترین یاریزان لە پرێمەرلیگدا..**

## یاریزانێکی نەناسراو یەکەم و بیلیرین دەیەمە

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

لە جیهانی تۆپی پێدا بەردەوام مشتومڕەکان لەسەر باشترین، بەهێزترین، بەهرەمەندترین و خێراترین یاریزانە، بۆیە ماڵپەری ئۆبتای جیهانی بۆ ئامارەکان بڕیاریدا، لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر توانای یاریزانانی خولی نایابی ئینگلیزی بکات، بۆ ئەوەی تواناکانیان بزانێت.

ئۆبتا لیستێکی بە ناوی خێراترین یاریزانانی ئەم وەرزەی پرێمەرلیگ بڵاوکردووەتەوە، ئەنجامەکان چاوەڕوان نەکراو بوون، چونکە ناوی ئەنتۆنیۆ ڤالنسیای ئیکوادۆری ئەستێرەی مانچستەر یونایتدی تێدا نییە، هەرچەندە زۆربەی ئامارەکانی ساڵانی دوایی، لە پلەی یەکەمی خێراترین یاریزانی جیهان، نەوەک بەتەنیا ئینگلتەرایان دادەنا. هەروەها جێگەی سەرنجە کە هیکتۆر بیلیرینی بەرگریکاری ئیسپانی یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی، لەم ریزبەندەدا لە پلەی دەیەم دێت، لە کاتێکدا هەمیشە گوتراوە کە ئەو یەکێکە لە 3 خێراترین یاریزانانی جیهان و توانای رکابەریکردنی راکەرە بەناوبانگەکانی جیهانی هەیە.

لەوەش چاوەڕوان نەکراوتر ئەوەیە کە ئۆبتا یاریزانی ئێرلەندی، شین پاتریک لۆنگی ئەستێرەی یانەی ساوسهامبتۆنی لە پلەی یەکەم داناوە، کە یاریزانێکی ناسراو نییە و خێراییەکەشی بە نزیکەی 35.3 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا مەزندە کردووە.

**لیستی 10 خێراترین یاریزانی ئێستای پرێمەرلیگ بەمشێوەیە:**

1 ـ شین لۆنگ (ئێرلەندا ـ ساوسهامبتۆن)، بە 35.3 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
2 ـ لیندن گۆتچ (ئەمریکا ـ سەرندەرلاند)، بە 35.19 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
3 ـ کاویل وۆکەر (ئینگلتەرا ـ توتنهام هۆتسبێر)، بە 35.18 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
4 ـ جیمی ڤاردی (ئینگلتەرا ـ لیستەر ستی)، بە 35.1 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
5 ـ ئەندرێ گرای (ئینگلتەرا ـ بێرنلی)، بە 34.87 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
6 ـ ئێریک بایلی (کتدیڤوار ـ ساوسهامبتۆن)، بە 34.84 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
7 ـ ویلفرێد زاها (ئینگلتەرا ـ کریستال پالاس)، بە 34.79 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
8 ـ تیۆ والکۆت (ئینگلتەرا ـ ئارسناڵ)، بە 34.78 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
9 ـ مایا یۆشیدا (ژاپۆن ـ ساوسهامبتۆن)، بە 34.78 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
10 ـ هیکتۆر بیلیرین (ئیسپانیا ـ ئارسناڵ)، بە 34.77 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.




**رێد بۆڵ باڵت پێدەبەخشێت..**

## بۆ ئەڵمانەکان رقیان لە یانەی لایبزیگە؟

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

یەکێک لە رەزاگرنترین یانەکان لای ئەڵمانەکان یانەی راسین بالشپۆرت لایبزیگە، کە ئەمساڵ بۆ بۆندسلیگا سەرکەوتووە، کاتێک ئەو یانەیە دەبێتە میوانی یانەیەکی دیکە لە ئەڵمانیا، زۆرجار بە فیکەی گاڵتەپێکردنەوە پێشوازی لێدەکرێت، دەپرسن لەبەرچی ئەڵمانەکان ئەوەندە رقیان لەو تیپە دەبێتەوە، کە هیچ یانەیەکی دیکەی ئەزیەت نەداوە؟.

ئەو تیپە ساڵی 2009 دامەزراوە و لە ماوەی تەنیا 7 ساڵدا، توانی لە ئۆبێرلیگا (پلەی پێنجەم)ەوە بۆ بۆندسلیگا (پلەی یەکەم) سەرکەوێت، پێشتر هیچ تیپێکی ئەڵمانی ئەوەی پێنەکراوە، بۆیە خەڵکی لە ئەڵمانیا دەپرسن «لەوانەیە ئەوە بۆ کۆمپانیای رێد بۆڵ بگەڕێتەوە، کە خاوەنی ئەو یانەیەو دەستیشی زۆر دەڕوات». بەردەوام ئەو تیپە لە هەموو پلەکان کە یاری لێکردووە، بەوە تۆمەتبار دەکرا بەرتیلی داوەو مەرجی زۆری پێشێل کردووە، بەڵام بێئەوەی بەڵگەی بەرجەستەیان هەبێت. بێجگە لەو شتەی کە زۆربەی یانە دێرینەکان لە پلە جۆراوجۆرەکانی ناوەندی قبوڵیان نەکردووە، چۆن تیپێک ساڵی 2009 دامەزراوە وا بە ئاسانی بەپێشمان بکەوێت؟. زۆر شت ئەڵمانەکانی پەستکردووە، ئەوانەی لەسەر ئەو جۆرە سیناریۆیە رانەهاتوون، ئەو پەستیەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بووە رقلێبوونەوەو قبوڵ نەکردنی ئەو تیپە. لەوانەیە دوای چەند ساڵێک ئەو رق لێبوونەوەیە کۆتایی پێبێت، ئەوکاتەی تیپەکانی بۆندسلیگا لەسەر تیپەکەی رێد بۆڵ رادێن! بەڵام راستییەکەی تیپەکە بەهێزە، لە وەرزی 2011 ـ 2012 لە پلەی چوارەم بوون و توانیان فۆلفسبۆرگ لە جامی ئەڵمانیا وەدەرنێن، ئەوەتا ئێستاش لە بۆندسلیگا تاوەکو ئێستا بەبێ دۆڕانن (5 بردنەوە و 3 یەکسانبوون) لەوانەش بردنەوەی لە بورۆسیا دۆرتمۆند، بە کۆکردنەوەی 18 خاڵ پلەی دووەمی گرتووە.

بەشێوەیەکی گشتی رێد بۆڵ بەوە ناسراوە دەستیان لە هەموو وەرزشەکاندا هەیە، تەنیا لە تۆپی پێدا 6 تیپیان هەیە، کە 3 تیپیان کەمێک بەناوبانگن، لەوانە ئەو تیپە (لایبزیگ) و ئەو تیپەی تێری هێنری لە ئەمریکا یاری بۆ کرد (رێد بۆڵ نیویۆرک) و تیپی (سالزبۆرگ)ی نەمساویی دێرین، لەگەڵ 3 تیپی دیکەی نا بەناوبانگ، ئەوانیش (رێد بۆڵ بەرازیل)، (رێد بۆڵ گانا) و (ئێف سی لیفیرینگ) لە نەمسا، هەر 6 تیپەکەش هەمان دروشمیان هەیە (دوو گای بەرامبەر یەکدی) بە پشتبەستن بە دروشمی رێدبۆڵ، جیاوازی تەنیا لە ناوە نوسراوەکاندا هەیە، لەژێر هەموو دروشمەکاندا (هەر یانە و بەناوی خۆی).




بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکریتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبیت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پڕیپەید لەنێو تۆڕی کورەك
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێلەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بۆیەرە خەون ببینە

korektel.com
411

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

| خول | یاری | ڕۆژ | کات |
|---|---|---|---|
| خولی ئیتاڵیا | جینەوا - میلان | سێشەممە 25/10/2016 | 09:45 |
| خولی ئیتاڵیا | یوڤانتۆس - سامپدۆریا | چوارشەممە 26/10/2016 | 09:45 |
| خولی ئینگلتەرا | تۆتێنهام - لیستەر ستی | شەممە 29/10/2016 | 05:00 |
| خولی ئیسپانیا | ئالاڤێس - ریال مەدرید | شەممە 29/10/2016 | 05:15 |
| خولی ئەڵمانیا | بۆروسیا دۆرتمۆند - شاڵکە | شەممە 29/10/2016 | 07:30 |
| خولی ئیتاڵیا | یوڤانتۆس - ناپۆلی | شەممە 29/10/2016 | 09:45 |
| خولی ئینگلتەرا | ساوسهامتۆن - چێلسی | یەکشەممە 30/10/2016 | 07:00 |
| خولی فەرەنسا | مارسیلیا - بۆردۆ | یەکشەممە 30/10/2016 | 10:45 |

ئەمساڵ دواین ساڵی ململانێی نێوان مێسی و ڕۆناڵدۆیە..

# باڵۆن دۆری ئەمساڵ جیاواز دەبێت

**ئا: رووداوی وەرزشی**

گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی، دوای جیابوونەوە لە فیفا، سەبارەت بە بەخشینی خەڵاتی باڵۆن دۆر بە باشترین یاریزانی ساڵ، ناوی پاڵێوراوانی ئەمساڵی ئەو خەڵاتەی ئاشکرا کرد، کە ئەمساڵ خۆی و بەبێ پشکداری فیفا خەڵاتەکە لە پاریس دەبەخشێت.

## پاڵێوراوانی سەرەکی

وەک پێشبینی دەکرا، ئەمساڵیش ململانێیەکە لەنێوان چەند ئەستێرەیەکدا دەبێت و ئەوانی دیکە تەنیا ڕۆڵی کومبارس دەبینن. چونکە چاودێران دڵنیان لەوەی ململانێیەکە تەنیا لەنێوان 5 ئەستێرە دەبێت. MSNەکەی بارسێلۆنا و ئەنتوان گریزمانی فەرەنسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی، هەرچەندە ئەمەی کۆتایی بەبەهێزترین پاڵێوراو دادەنرێت، بەو پێیەی هەردوو نازناوی یۆرۆ و چامپیۆنسلیگی بردووتەوە، ئەگەرچی ئەمساڵ ڕۆناڵدۆ تاوەکو ئێستا بە ئاستێکی خراپ دەرکەوتووە.

## دواین ساڵی قۆرخکاری

«مێسی و ڕۆناڵدۆ» یان «ڕۆناڵدۆ و مێسی»، ململانێی بەناوبانگی نێوان باشترین دوو یاریزانی تۆپی پێ، کە مێژوو هاوشێوەی ئەو ململانێیەی لەنێوان دوو یاریزان بۆ ئەو ماوەیە درێژە بەخۆوە نەدیووە، یەک دەیەی تەواو هەردووکیان ڕکابەرییان لەسەر شکاندنی ژمارە پێوانەییەکان و بەدیهێنانی شتەکان کرد، کە پێشبینی نەدەکرا بە ڕاستی لە جیهانی تۆپی پێدا ڕووبدەن.

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی تیشکی خستە سەر ئەو ململانێیە بەناوبانگە، کە خەریکە دەگاتە کۆتایی لە سایەی پاشەکشەکردنی بەرچاوی ئاستی ڕۆناڵدۆ لە وەرزی ئێستادا، لەگەڵ ڕۆچوونیشی بەنێو ساڵدا، موشەکی مادێرا چیدی ناتوانێت شان لە شانی مێسی بدات، کە دوو ساڵ لەو بچووکترە. ڕۆناڵدۆ لە وەرزی ئەمساڵدا تەنیا 4 گۆڵی تۆمارکردووە، دوای بەشداریکردنی لە 9 یاری لیگا و چامپیۆنسلیگ، لەگەڵ 4 پاسی یەکلاییکەرەوە، لەو کاتەی مێسی 14 گۆڵی تۆمار کردووە، لەگەڵ دروستکردنی 4 گۆڵ بۆ هاوڕێکانی لە 10 یارییدا، بێشک جیاوازییەکی ڕوون لە ژمارەی ئەستێرەکان هەیە لەم وەرزەدا.

ئەو ڕۆژنامە مەدریدییە پێیوایە، ژماردن بەرەو خوارەوە بۆ دادانەوەی پەردە لەسەر پێشبڕکێی ڕۆناڵدۆ و مێسی دەستیپێکردووە، کە سەرەتاکەی لە ساڵی 2007 بوو و لەگەڵ هاتنی دۆنیش بۆ لیگا لە ساڵی 2009 گەیشتە لوتکە، ئاماژە بەوەش دەکات ئەمساڵ دوایین دەبێت، کە هەردوو ئەستێرە تێیدا ڕکابەری لەسەر خەڵاتی باشترین یاریزان لە جیهاندا بکەن.

## دەنگدانێکی جیاواز

ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو کاپتن و ڕاهێنەری هەڵبژاردەکان بەشداری لە دەنگداندا ناکەن، تەنیا 211 ڕۆژنامەنووس، هەریەکێکیان لە وڵاتێک دەنگ دەدەن. ناوی براوەکەش بەر لە کۆتاییهاتنی ساڵ ڕادەگەیێنرێت، لە ئاهەنگێکدا کە لە پاریس ساز دەکرێت، بەڵام هێشتا ڕۆژەکەی دیاری نەکراوە.



## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 10)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2016/10/28** | |
| لیگانێس - ریال سۆسیداد | 09:45 |
| **شەممە 2016/10/29** | |
| خیخۆن - سڤیلیا | 02:00 |
| ئالاڤێس - ریال مەدرید | 05:15 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - مەلەگە | 07:30 |
| بارسێلۆنا - گرانادا | 09:45 |
| **یەکشەممە 2016/10/30** | |
| ئیبار - ڤیاڕیال | 02:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - ئۆساسۆنا | 06:15 |
| ریال بیتیس - ئیسپانیۆل | 08:30 |
| لاس پالماس - سێلتاڤیگۆ | 10:45 |
| **دووشەممە 2016/10/31** | |
| دیپۆرتیڤۆ - ڤالێنسیا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 21 |
| 2 - سڤیلیا | 20 |
| 3 - بارسێلۆنا | 19 |
| 4 - ڤیاڕیال | 19 |
| 5 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 18 |
| 6 - ئەتلەتیک بلباو | 15 |
| 7 - ریال سۆسیداد | 13 |
| 8 - سێلتاڤیگۆ | 13 |
| 9 - لاس پالماس | 12 |
| 10 - مەلەگە | 12 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 7 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 7 |
| 3 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 5 |
| 4 - ئادۆرێز | ئەتلەتیک بلباو | 5 |
| 5 - سانسۆنی | ڤیاڕیال | 5 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 10)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2016/10/29** | |
| ساندێرلاند - ئارسیناڵ | 02:30 |
| تۆتێنهام - لیستەر ستی | 05:00 |
| مانچێستەر یونایتد - بێرنلی | 05:00 |
| میدلزبرە - بۆرنمۆس | 05:00 |
| واتفۆرد - هاڵ ستی | 05:00 |
| وێست برۆمیچ - مانچێستەر ستی | 05:00 |
| کریستاڵ پالاس - لیڤەرپوول | 07:30 |
| **یەکشەممە 2016/10/30** | |
| ئیڤێرتۆن - وێستهام | 04:30 |
| ساوسهامتۆن - چێلسی | 07:00 |
| **دووشەممە 2016/10/31** | |
| ستۆک ستی - سوانزی ستی | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مانچێستەر ستی | 20 |
| 2 - ئارسیناڵ | 20 |
| 3 - لیڤەرپوول | 20 |
| 4 - چێلسی | 19 |
| 5 - تۆتێنهام | 19 |
| 6 - ئیڤێرتۆن | 15 |
| 7 - مانچێستەر یونایتد | 14 |
| 8 - ساوسهامتۆن | 13 |
| 9 - واتفۆرد | 12 |
| 10 - بۆرنمۆس | 12 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێلسی | 7 |
| 2 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 6 |
| 3 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 5 |
| 4 - والکۆت | ئارسیناڵ | 5 |
| 5 - ئەنتۆنیۆ | وێستهام | 5 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 10)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/10/25** | |
| جینەوا - میلان | 09:45 |
| **چوارشەممە 2016/10/26** | |
| ڤیرۆنا - بۆلۆنیا | 09:45 |
| فیۆرەنتینا - کرۆتۆنی | 09:45 |
| ئینتەرمیلان - تۆرینۆ | 09:45 |
| یوڤانتۆس - سامپدۆریا | 09:45 |
| لازیۆ - کالیاری | 09:45 |
| ناپۆلی - ئیمپۆلی | 09:45 |
| پیسکارا - ئەتەلانتا | 09:45 |
| ساسۆلۆ - ڕۆما | 09:45 |
| **پێنجشەممە 2016/10/27** | |
| پالێرمۆ - ئۆدینێزی | 09:45 |
| **شەممە 2016/10/29 (هەفتەی 11)** | |
| بۆلۆنیا - فیۆرەنتینا | 07:00 |
| یوڤانتۆس - ناپۆلی | 09:45 |
| **یەکشەممە 2016/10/30** | |
| ئەتەلانتا - جینەوا | 02:30 |
| کرۆتۆنی - ڤیرۆنا | 05:30 |
| ئیمپۆلی - ڕۆما | 05:30 |
| لازیۆ - ساسۆلۆ | 05:30 |
| میلان - پیسکارا | 05:30 |
| سامپدۆریا - ئینتەرمیلان | 10:45 |
| **دووشەممە 2016/10/31** | |
| ئۆدینێزی - تۆرینۆ | 09:00 |
| کالیاری - پالێرمۆ | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 21 |
| 2 - ڕۆما | 19 |
| 3 - میلان | 19 |
| 4 - ناپۆلی | 17 |
| 5 - تۆرینۆ | 15 |
| 6 - لازیۆ | 15 |
| 7 - ڤیرۆنا | 14 |
| 8 - ئەتەلانتا | 13 |
| 9 - ساسۆلۆ | 13 |
| 10 - کالیاری | 13 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | ڕۆما | 8 |
| 2 - هیگواین | یوڤانتۆس | 6 |
| 3 - باکا | میلان | 6 |
| 4 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 6 |
| 5 - ئیمۆبیلی | لازیۆ | 6 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 9)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2016/10/28** | |
| مونشنگلادباخ - فرانکفۆرت | 09:30 |
| **شەممە 2016/10/29** | |
| ماینز - ئینگۆلشتات | 04:30 |
| ئۆگسبۆرگ - بایرن میونشن | 04:30 |
| دارمشتات - لایپزیگ | 04:30 |
| ڤێردەربریمەن - فرایبۆرگ | 04:30 |
| فۆلفسبۆرگ - بایرلیڤەرکۆزن | 04:30 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - شاڵکە | 07:30 |
| **یەکشەممە 2016/10/30** | |
| هۆفنهایم - هێرتا بەرلین | 05:30 |
| کۆڵن - هامبۆرگ | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 20 |
| 2 - لایپزیک | 18 |
| 3 - هێرتا بەرلین | 17 |
| 4 - هۆفنهایم | 16 |
| 5 - کۆڵن | 15 |
| 6 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 14 |
| 7 - فرانکفۆرت | 14 |
| 8 - فرایبۆرگ | 12 |
| 9 - ماینز | 11 |
| 10 - مونشنگلادباخ | 11 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مۆدیست | کۆڵن | 8 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 7 |
| 3 - ئیبیسڤیچ | هێرتا بەرلین | 6 |
| 4 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 5 |
| 5 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 5 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 11)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2016/10/28** | |
| لیل - پاریس سانجێرمان | 09:45 |
| **شەممە 2016/10/29** | |
| تۆلۆز - لیۆن | 06:00 |
| باستیا - دیجۆن | 09:00 |
| گانگۆن - ئەنجی | 09:00 |
| لۆریان - مۆنپیلیە | 09:00 |
| نانس - کان | 09:00 |
| سانت ئیتیان - مۆناکۆ | 09:00 |
| **یەکشەممە 2016/10/30** | |
| نیس - نانت | 05:00 |
| رین - میتز | 07:00 |
| مارسیلیا - بۆردۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نیس | 26 |
| 2 - مۆناکۆ | 22 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 20 |
| 4 - تۆلۆز | 18 |
| 5 - گانگۆن | 17 |
| 6 - رین | 17 |
| 7 - سانت ئیتیان | 16 |
| 8 - بۆردۆ | 15 |
| 9 - ئەنجی | 14 |
| 10 - لیۆن | 13 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 9 |
| 2 - مارتین | تۆلۆز | 8 |
| 3 - لاکازیتی | لیۆن | 7 |
| 4 - ئالاسان | نیس | 6 |
| 5 - گۆمێز | مارسیلیا | 6 |



## ژمارە 13

لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆرۆگوای یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی نهێنییەکی خۆی لەگەڵ هەردوو درێسی ژمارە 9 و ژمارە 13 ئاشکرا دەکات و باس لەوە دەکات کە پێشتر درێسی ژمارە 13ی لەبەرکردووە، بەڵام نەیتوانیوە گۆڵ بکات تاوەکو گوڕیویەتی بۆ ژمارە 9 و لەو بارەوە دەڵێت «کاتێک بوومە یاریزانی یانەی ناسیۆنالی ئۆرۆگوایی، درێسی ژمارە 13م لەبەرکرد، بەڵام هیچ گۆڵم تۆمار نەکرد تاوەکو بە درێسی ژمارە 9م گۆڕییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش دەتوانم لە گەڵ بارسا ژمارە 13 لەبەربکەم و دڵنیام گۆڵیشی پێ تۆمار دەکەم».



رێبوار محەممەد

مۆنتێلا..

# ئیلهامێک لە سیمیۆنی و لە مۆرینیۆ

لەوانەیە سەیر بێت کە بڵێم مۆنتێلا کە ئەمساڵ سەرکردایەتیکردنی میلانی گرتووەتە ئەستۆ، بە سوودوەرگرتن لە دوو ئیلهامی جیاواز توانیویەتی تیپێک دروست بکات ئێستا تەنیا دوو خاڵ لە پێشەنگی خولی ئیتاڵیاوە دوورە کە یۆڤینتۆسی زەبەلاحە.

ئەمە کەمکردنەوە نییە لە توانای ئەو راهێنەر تەمەن چل و دوو ساڵە، چونکە ئەو لە فیۆرێنتیناش تیپێکی بەهێز و رکابەری دروستکردبوو، بەڵام ئەرکی بەڕێوەبەردنی فیۆرێنتینا کە ئەوە چەندین ساڵە لە یانە ناوەندەکانی ئیتاڵیایە لەگەڵ میلانێکدا کە پێشتر مەزن بووە و ئێستا بەدوای ئەو مەزنییەی خۆیدا دەگەڕێت، جیاوازی زۆرە.

کلاسیکۆی ئیتاڵیا لە نێوان میلان و یۆڤینتۆس لەسەر یاریگەی سانسیرۆ، جێگەی زیاد لە خوێندنەوە و شرۆڤە هەڵوەستە لەسەر کردنێک بوو.

من ئەوەندی مەبەستمە قسە لەسەر میلان بکەم، ئەوەندە مەبەستم نییە قسە لەسەر یۆڤینتۆس بکەم، چونکە خاڵی سەرنج بەلای هەمووانەوە ئەو کارە مەزنەیە کە مۆنتێلا لە ماوەیەکی کەمدا کردوویەتی بۆ هەڵسانەوەی میلان، مەرج ئەوەیە ئەم هەڵسانەوەیەی تا کۆتایی ساڵ بەردەوام بێت.

مۆنتێلا لەسەرەتاوە دەیزانی تیپێکی لە ئەستۆ گرتووە، هێشتا خەون بە رابردووی پڕ لە درەوشانەوەی خۆیەوە دەبینێت، لەگەڵ کارگێڕییەکیشدا کاردەکات کە پایە سەرەکییەکانی پێکهاتوون لە بیرلکسۆنی و گالیانی و ئەو دووانە لەگەڵ یەکەم فشاری سەریاندا، سەری راهێنەرەکان دەپەڕێنن.

سەرکردایەتیکردنی میلان لە دۆخێکی وەک ئەمساڵدا، پێموایە لە ساڵانی پێشوو زەحمەتترە، چونکە کوالیتی ئەو یاریزانانەی ئەمساڵ لەبەردەستی مۆنتێلادان، لە رووی ناوبانگ و ئەزموونەوە لە هەموو پێکهاتەکانی چەند ساڵی پێشووی میلان ئەزموون و توانایان کەمترە و بۆ زانین پێکهاتەی ئەمساڵی میلان گەنجترینی سێریا ئەیە بە ٢٥ ساڵ.

مۆنتێلا جیا لە تەکتیک و پلانی باش لە کاتی یارییەکاندا، بەبڕوای من لەسەر دوو خاڵی زۆر گەورە کاری کردووە کە ئەو دوو خاڵە سەرەتای دروستکردنەوەی میلانێکی مەزن دەبێت.

خاڵی یەکەم ئیلهام وەرگرتنە لە دیگۆ سیمیۆنی راهێنەری ئاتلێتیکۆ مەدرید، ئەو راهێنەرەی کتێبێکی تایبەتی لەسەر ئەوە نووسیوە چۆن یاریزانێکی ئاستنزم وا لێدەکەیت متمانەی بەخۆی هەبێت کە دەتوانێ نازناو بباتەوە.

ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، دروستکردنی جەنگاوەر، خۆبەخش و لەخۆبردوو، شەڕانی لە یاریگەدا و وریا تا دوا ساتەکانی یاری، کارێکە چۆلۆ کاری زۆر لەسەر کردووە. ئێستا مۆنتێلا لە میلان کاری بەهەمان پلان کردووەتەوە، چونکە لە چەند ساڵی رابردوودا یەک لە کێشە گەورەکانی بەردەم میلان ئەوە بوو کە راهێنەر نەیدەتوانی یاریزانەکانی بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی ئەوان گەرچی گەنج بن، گەرچی بێئەزموون و نەناسراو بن، بەڵام دەتوانن بەسەر ئەو ئەستێرانەدا سەربکەون کە نرخی فەلەکییان هەیە.

لە گەڕانەوە بۆ ئیلهامەکەی مۆرینیۆ بۆ مۆنتێلا، ئاماژە بە خاڵی یاریکردن بەپێی ئەو کەرەستانە دەدەم کە لەبەردەستدان. مۆنتێلا لە یارییەکەی یۆڤینتۆسدا سەرکێشی نەکرد و زیادەڕۆیی لە هیچ شتێکدا نەکرد، هەر هێندەی گۆڵی پێشکەوتنی تۆمارکرد، زۆر واقیع بینانە بەرگرییەکەی چڕکردەوە و پەنای بردە بەر هێرشە هەڵگەڕاوەکان، ئەمە پەنابردنە بۆ ئەو واقیعنینییە مۆرینیۆ کاری لەسەردەکات، چونکە هەمیشە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ؟ چۆن دەتوانێ پارێزگاری لەو سەرکەوتنە بکەیت؟ میلان بۆ گەڕانەوە ریزی مەزنەکانی ئەورووپا، پێویستی بەو جۆرە بیرکردنەوانە هەیە.

## یوتیوب لە تۆپی پێ بە سوودترە..

# وازهێنان لە تۆپی پێ دەوڵەمەندی کردووە



رووداوی وەرزشی ـ SAMBA

وێندیل لیرا، یاریزانی بەرازیلی و براوەی خەڵاتی بۆشکاش بۆ باشترین گۆڵی ساڵی 2015 ئاشکرای کرد، ئەو قازانجەی لە کارکردنی لە کەناڵێک لەسەر پێگەی یوتیوبی بەناوبانگ دەیکات، زۆر لەوە زیاترە لەوەی پێش وازهێنانی وەک یاریزانی پیشەگەری تۆپی پێ بەدەستی دەکەوت.

لیرای تەمەن 27 ساڵان لە تەمموزی رابردوودا وازی لە یاری تۆپی پێ هێنا و خۆی بۆ کارکردن لە کەناڵێک لەسەر یوتیوب تەرخانکرد، کە سەر بە کۆمپانیایەکی یارییەکانی ڤیدیۆیە، ئەمەو تیپی فیلانۆڤا لە خولی پلە دووەکانی بەرازیل، دوایین یانە بوو کە لیرا یاری بۆ بکات.

لیرا لێدوانی بۆ رۆژنامەی UOL SPORTEی بەرازیلی دا و گوتی «ئەو مووچەیەی ئێستا لە کارکردنم لەو کەناڵەی یوتیوب وەری دەگرم، باشترە لەو مووچەیەی وەک یاریزانی تۆپی پێ وەرمدەگرت، ئاستی ژیانی ئێستام باشترە و دەتوانم هەموو پێداویستییەکانی خێزانەکەم دابین بکەم». هەروەها گوتیشی «ئێستا باری داراییم زۆر باشتر بووە، کە یاریزانی تۆپی پێ بووم قەیرانی داراییم هەبوو، بەڵام ئێستا هەموو شتێک کۆتایی هات، دەتوانم هەموو شتێک بۆ کچە بچووکەکەم بکرم و لە هیچ شتێکی کەم نییە».

لیرا بووە خاوەن خەڵاتی بوشکاش بۆ ساڵی 2015، کە ساڵانە فیفا پێشکەشی خاوەن جوانترین گۆڵی ساڵی دەکات، ئەوەش لەبەر ئەو گۆڵە موشەکییەی لەگەڵ تیپی جۆیانیسیا لە تۆڕی گۆڵی کامپیۆناتۆ جۆیانۆ تۆماری کرد.

پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

یونس عوسمان لە هەولێر

بە لێدوانی:

(حەکەم لایانبە، هەرگۆڵە دڵنیابە)

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 421 )
سێشەممە 2016/10/25

## پەنجاو دووەمین پێشبڕکێ

5 LOTTO

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیۆتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ....................

مۆبایل : ....................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە







RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە